سازمانە سیاسییەکانی کورد و لایەنگرانی حکومەتی مەرگی کوماری ئیسلامی
خۆ رێکخستنی ماڵی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان

ئالۆ گۆڕەکانی ئەم دواییانەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەورێکی خێراتری بەخۆیەوە گرتووە. هێزەسیاسییەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەرکام بەپێی رادەی گەشەسەندوویی پلەی خەباتی نەتەوەیی و هەلومەرجی نێوخۆیی و جیهانی ئەو ریژیمەی بەسەریان دا سەپاوە، رەنگە بە پێویستی بزانن خۆیان بۆ هەژانی پێش بینی نەکراو ئامادەبکەن. گرینگترین مەسەلە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان بریتین لە:

1- دارشتنی پلانی هاوباش یان دۆزینەوەوی رێگەی هاوکاری بەکردەوە بۆ ئیدارەکردنی کوردستان، و پاراستنی ژیان و دارایی هاونیشتمانان لە هەلومەرجێکدا کە ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی رژیم رادەدرێن و کاروباری ئیداریی خەڵك رادەگیرێن. بۆ ئەوە کاری گرینگی ئەوتۆ نەکەوێتە سەر شانی سازمانەکان چونکە خاوەنی ئەزموونی پێویست و کادری پسپۆری تەواو نین باشتر وایە کە هێزەسیاسییەکان بەیارمەتی پسپۆرانی ئەو کاروبارانە رێگا بۆ دامەزراندنی کۆر یاشورای گەڕەك و شار بکەنەوە و خۆیان بە دانانی نوێنەرێك وەکو بەشی بەرێوەبەریی ئەو کۆر و شورایانە هاوکارییان بکەن.

2- بەر لەوە رژیم بتوانێ لە کورد دژی کورد کەڵك وەرگرێ ، با هەموو سازمانە سیاسییەکانی کورد بۆ ئەهوەنکردنەوەی ئەوکەسانەی لە رابردوودا دژی خەلك و هێزەسیاسییەکان یارمەتییان بە رژیم کردووە ، بە دەرکردنی بریاری ئاشتبوونە ، لێبوردن ، قەرەبووکردنەوەی زیانی ماڵی کەسانێك کە یاریدەدەرانی رژیم هۆکاری بوون، ئەو نەخۆشییە کۆمەلایەتییە مەزنە چارەسەر بکەن. بەتایبەتی لە ناوچەکانی مەهاباد و سەردەشت بۆ ئاسایی کردنی بارودۆخەکە و دانی متمانە بە عەشیرەتی مەنگور کە لەداهاتودا گیان و ماڵ و کەسایەتییان دەپارێزرێ. پێویستە لەگەل نوێنەرانیان وتو وێژ بکرێ و لە راگەیەنەگشتییەکاندا لەخەڵك داوابکرێ بۆ بەرەو پێشبردنی ئەو هەڵوێستە نیشتمانییە هاوکاری بکەن. راستییەکەی ئەوەیە کە لە نێو حیزبە سیاسییەکاندا کەم نەبوون، کەسانێك کە بەشێوەیەکی نارەوا و بۆ قازانجی شەخسی ، یان تۆڵە ئەستاندنەوە یان بە راسپاردەی رژیم کاری سەرەرۆیانە و تاوانی جینایەتکارانەیان دژ بە بنەماڵەی هێندێك لەو کەسانە کردووە بۆ ئەوە ناچاریان بکەن ڕەگەڵ دوژمن بکەون. هەر ئەو کەسانە بۆخۆیان پاش بە ئەنجام گەیاندنی کردەوە نارەواکانیان چوونەتەوە لای رژیمی کوماریئ ئیسلامی و پارێزراون. کوشتنی حاجی بایز و دوکوڕە بێ تاوانەکە لە کامەم لەلایەن کەسانی سەرەرۆ، ئاژاوەگێر و بێ دیسیپلینی حیزبەوە ناکرێ بەبێ ئاگاداری رژیمی کۆماری ئیسلامیی کرابێ. چونکە لانی کەم یەك لە بەرێوەبەرانی ئەو جینایەتە سامناکە پاش ماوەیەك چووە لای رژیم و بووە هاوکاری نهێنی دەزگای جاسووسییەکەی.. لەو رووەوە حیزبەسیاسییەکانی کورد دەبی بەرپرسانە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی هاوکاری کورد لە گەڵ رژیم لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەن. حیزبە سیاسییەکانی کورد نابێ رێگا بدەن لە رکەبەری سیاسیی نێوان حیزبەکان کەڵك وەربگیرێ وجینایەتکاران و پیاوخراپان بە

خۆهەڵاوەسین بە لایەنێکی سیاسییەوە، دژی کورد و هێزەسیاسییەکانی ئاژاوەگێری بکەن. ئەزموونی باشور بۆ ئەو مەبەستە گەلێك بەرچاوو سەرنجراکێشە. ئەو کەسانەی کە تاوانی جینایەتیان لەسەرە، دەبی مافی رەوای ئینسانییان بۆ دیفاع کردن لە خۆ لە بەرامبەر دادگایەکی بێلایەندا بپارێزرێ.

رژیم بە گوێرەی هەواڵ پاش وروژانی خەڵك بۆ سەر شەقامەکان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان 1500 تفەنگی بەسەر عەشیرەتی مەنگور دا بڵاو کردووەتەوە. گوایە تاقمێك لە لاوەکانی ئەو عەشیرەتە بۆ بەرگری لە خۆ و و بنەماڵە کانیان لە بەرامبەر کاری هێرشکارانە بۆ سەریان چەکەکانیان وەرگرتوون. ئەو مەسەلەیە زۆر گرینگە. لەوانەیە رژیم لە هەموو ناوچەکان ئەو سیاسەتە دژی گەلیە ڕەچاوبکا. وشیارییەکی زۆر بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیە پێویستە.

3- هاوکاری حیزبە سیاسییەکانی کورد بۆ کونترۆلی قاچاخچییانی مورفین و هێرۆئین و تریاك فرۆش و گەند ... لەو بابەتە ، پاراستنی خەڵك لە دەستدرێژی کردنی جەردە و رێگر و بێرۆریست و جینایەتکارانی دژی مرۆڤ تشتێك نییە کە وەدوا بخرێ..

4- دامەزراندنی دەزگایەکی خەبەریی هاوبەشی باوەر پێکراو هاوبەش بۆ راگەیاندنی ئاگادارییە پێویستەکان کە هێمنایەتی هاووڵاتیان بپارێزی. ئەو دەزگایە دەکرێ لە لایەن خەڵکی غەیرە حیزبییەوە بەرێوە بچێ.

5- دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ گوندنشینەکانی ئازەری دراوسێ بۆ پارستنی ناوچەکە لە دانانی مۆڵگەی دوژمن و ئاژاوەگێران. بۆ پێشگیری لە روداوی وەکوو شەری نەغەدە.

6- هاوکاری حیزبەسیاسییەکان بۆپێشگیری لە تاڵانی کەرەسەی دامودەزگا گشتیەکان .

7- هاوکاری بۆ سەرئەژمێری و کۆکردنەوەی ئاگادارییە پێویستەکان کە لەدوا رۆژدا بۆدانای پرۆژەی سیاسی- ئابوری پێویست دەبێ..

ئەمانە ریزێك کاری پێویستن کە دەبێ بکرێن و پێوەندیشیان بە مەزنخوازی و دروشمی من مەزن و تۆ گچکەی، ناتبینم و شتی لەو بابەتەوە نییە.

کۆتایی:

با ئەو پەڵە ڕەشە کە بەنێوچاوانی هێزە سیاسییەکانی کوردە وەیە و لە بەندی 8 راگەیاندراوی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە کاتی هاتنەسەرکاری خومەینی بۆ دەرکردنی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دێموکرات لە کوردستان – ئێران ، خۆی نیشاندا لە بیر نەکەن. ئەگەر تاك هەڵەی سیاسی دەکا هەڵەی سیاسیی حیزبەکان گەلێ مەزنتر و ئاکام و خەساری کارەساتیان مەزنترە. ئەوانەی کە ئەو بەیانییە دژ بە کوردەیان ئیمزاکرد و نزمی بۆچوونی سیاسی خۆیان و خاڵی لاوازی کوردیان بە دوژمن ناساند ئێستا جیا لە کورد کێیان لە پشتە؟

گوێ بۆ راگەیەنە گشتییەکانی عەرەبان راگرن بۆ ئەوە بزانن چی بە کورد دەکەن و چۆن خۆکوژانیان، ورد و درشتی کورد هەڵدەتەکێنن.

هەر بژی نینۆکی خۆم، دەیخورێنێ پشتی خۆم

ئەم وتەیە لەو قسە نەستەقەی فارس وەرگیراوە کە دەڵێ

"کس نخارد پشت من ، جز ناخن انگشت من"

ح. ئەیوبزادە